# IRAQ | عێراق

## USCIRF–RECOMMENDED FOR SPECIAL WATCH LIST

کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF) کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی دوانەیی حکومەتی فیدراڵی ئەمریکایە کە چاودێری مافی جیهانی بۆئازادی ئایینی یان بیروڕا لە دەرەوەی وڵات دەکات. ئەم کۆمسیۆنە پاڵپشت بە یاسای نێودەوڵەتی ئازادی ئاینی (IRFA) لە ساڵی 1998-ەوە دامەزرێنراوە. کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF) پێوەری نێودەوڵەتی بەکاردێنێت لە دەرەوەی وڵات بۆ چاودێریکردنی توندوتیژیی بەرانبەر ئازادی ئایینی یاخود بیروڕا، و هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پێشنیاری ڕامیاری و سیاسی پێویست بۆ سەرۆک و وەزیری دەرەوە و کۆنگرێس.  USCIRF قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیایە و پەیوەندی نییە بە وەزارەتی دەرەوە. ڕاپۆرتی ساڵانەی 2020 دەرئەنجامی تەواوی کارەکانی ساڵێکی کارمەندانی کۆمسیۆن و ستافی پسپۆران لەخۆ دەگرێت کە توندوتیژییەکانیان لە مەیدانەکانی دەرەوە تۆمارکردووە و ڕاسپاردەی سیاسەتی سەربەخۆیان ئامادەکردووە بۆ حکومەتی ئەمریکا. ڕاپۆرتی ساڵانەی 2020 مەودای کار لەکانونی دووەم 2019 تا کانونی یەکەم 2019 لەخۆدەگرێت، هەرچەندە لەهەندێک حاڵەتدا هەندێ ڕووداوی گرنگ کە لە پێش یان لە پاش ئەم مەودایەوە ڕوویانداوە لەم ڕاپۆرتەدا باسکراون. بۆ زانیاری زیاتردەربارەی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF)، سەیری ماڵپەڕەکە بکە لێرە، یاخود ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بە USCIRF لەڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەوە 202-523-3240.

### دەرەنجامە سەرەکییەکان

لە ساڵی 2019، بارودۆخی ئازادی ئایینی لە عێراق لە هەندێک بواری گرنگدا وردە وردە گەشەی سەند، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جێی نیگەرانی بوو. کەمینە ئایینیەکان لە دەشتاییەکانی موسڵ و شەنگار ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بوونەوە لە کاتی گەڕانەوەیان بە سەلامەتی لە کورتمەودادا هەروەها لە بەردەوامیدان بە ژیانیان بە پارێزراوی لە دوورمەودادا. هەرچەند هاوپەیمانێتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، پێشمەرگەی کورد، هێزی سەربازی ئەمریکا و هێزە فرە نەتەوەییەکانی دیکە توانییان بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە هەڕەشەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بهێنن لە کۆتایی 2017-دا، زۆربەی ئەو ناوچانەی کە پێشتر بەدەست داعشەوە بوون لە ساڵی 2019-دا کەم ئاوەدان بوونەوە یان هەر ئاوەدان نەبوونەوە. هاوکارییە مرۆییە بەرچاوەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا  و خێرخوازە نێودەوڵەتییەکان پاڵپشتی بنیاتنانەوە و هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانەیان کرد، هێشتا دەیان هەزار هاوڵاتی مەدەنی لە کەمینە نەتەوە و ئایینەکان مەترسی گەورەیان لەسەر بوو. زۆرینەی مەسیحیە عێراقییەکان به ئاوارەیی مانەوە و ئەو تەنگژانەی تەنانەت پاش گەڕانەوەیان ڕووبەڕوویان بویەوە لە ئاستێکی بەرزدایە لە کاتێکدا یەزیدیەکان—500,000-یان لە ساڵی 2014-دا لە ترسی کارە دزێو و قێزەونەکانی داعش هەڵاتن— هێشتا ڕووبەڕووی ئازار و نەهامەتی زۆر بوونەوە لە ساڵی 2019-دا. ئەو شۆکە دەروونییە بە کۆمەڵەی کە یەزیدیەکان بەهۆی کارە دڕندانەکانی داعشەوە تووشیان بوو تا ئەندازەیەکی زۆر پشتگوێخراوە، ئەوەی کە چارەنووسی نزیکەی 3000 ژنی یەزیدی بە نادیاری ماوەتەوە سەلمێنەری ئەمەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی مانگی شوباتی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران، تەنها 3 لە سەدی ئاوارە ناوخۆییە یەزیدیەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرابوو پلانی گەڕانەوەیان بۆ شەنگال هەبوو. بەڵگەیەکی کەم لەبەردەست هەیە دەریبخات ئەم ژمارەیە دواتر بەرزبوونەوە بەخۆیەوە بینیبێت.لە هەمان کاتدا، سەرچاوەی نوێی پشێوی، لە نێویاندا خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق و هەڵگیرسانەوەی توندوتیژی فرە نەتەوەیی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریای دراوسێ، پیشانیدا کە دەکرێت هەر گەشەسەندنێکی سەقامگیری لە باکوری ڕۆژئاوای عێراق بکەوێتە بەر مەترسی پووکانەوە. زیاتر لە هەر هۆکارێک، نەبوونی ئاسایشە، کە هۆکاری سەرەکی بریتیە لە هەبوونی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، کە بەردەوام ڕێگر بووە لە گەشەسەندنی دۆخی ئازادی ئایینی. هێزەکانی حەشدی شەعبی بەردەوام بوون لە چالاکیەکانیان بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک، سەرەڕای هەوڵە ڕووکەشیەکان بە مەبەستی گواستنەوەی ئەم هێزانە بۆ ژێر ڕکێف و بەرپرسیاریەتی هێزەکانی ئاسایشی عێراق. هەندێک قەوارە، وەک تیپی 30هەمینی پاڵپشتکراو لە لایەن ئێرانەوە کە ناسراون بە (شەبەک) و تیپی 50هەمین ناسراو بە (بابیلۆن)، ڕۆڵی نەرێنیان دەگێڕا لە بەردەوام خراپکردنی ڕەوشی شارۆچکە سەرەکییەکان بۆ ئەو کەمینانەی دەگەڕانەوە شوێنەکانیان یان سنورداركردنی هاتووچۆکردنیان بۆ چوونە ناو یان دەرچوون لەو ناوچانە. هەندێک لەو قەوارانە بەردەوامن لە هەراسان کردن و ترساندنی ئەو مەسیحیانەی دەگەڕانەوە شوێنەکانیان لە ناوچەکانی بەرتەلە، قەرەقوش و هەر شوێنێکی دیکە. بۆ نمونە، لە مانگی ئەیلول، تیپی 30هەمین قەدەغەی هاتووچۆیان بەسەر مەسیحیەکاندا سەپاند لە بەرتەلە لە کاتی یادکردنەوەی ڕۆژی عاشورا لە لایەن موسوڵمانە شیعە مەزهەبەکانەوە—ئەمەش کردارێکی مەترسیدارە لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێشوەختە گیرۆدەی گرژی و ناتەبایی تایەفی هاتوە. هەڵسوکەوتی ئەو دوو تیپە زۆر نەرێنی و خراپ بوە بۆیە لە مانگی تەمووزدا وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا ئابڵوقەی ماگنیتسکی گەردوونی خستە سەر سەرکردەکانیان بە ناوەکانی وەعد قەدۆ و ڕایان ئەلکلدانی.

### ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی ئەمریکی

- عێراق بخرێتە ناو لیستی چاودێری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەهۆی بەشداریکردن یان ڕێگەدان بە پێشێلکردنی لە ڕادەبەدەری ئازادی ئایینی بە پشتبەستن بە یاسای ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (IRFA)؛
- وەک بەشێک لە پەیوەندییە دووقۆڵیە زۆر گرنگەکان، بەردەوام  فشار بخرێتە سەر عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی کە خۆی دایڕشتوە بۆ سنورداركردن یان کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی، بە تایبەتی ئەو قەوارانەی کە بەردەوامن لە نانەوەی توندوتیژی تایەفی، ئاستەنگ درووست دەکەن بۆ گەڕانەوە و بووژاندنەوەی

یەزیدیەکان و مەسیحیەکان و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە باکوری عێراق، یاخود دەستێوەردان دەکەن لە جوڵانەوەی نارِەزایەتیەکان یان خۆپیشاندانەکان لە بەرژەوەندی خواستەکانی ئێران؛

- سزای دیاریکراو بسەپێندرێت بەسەر ژمارەیەکی زیاتر لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی کە ئاراستەی میلیشیاکانیان دەکەن بۆ پێشێلکردنی ئازادی ئایینی ئەویش بە سڕکردنی سەرمایەی ئەو سەرکردانە یان/ و ڕێگریلێکردنیان بۆ هاتنە ناو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە پشتبەستن بە دەسەڵاتەکانی ڤیزە و دارایی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، کە تێیدا با تایبەتی ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی ئازادی ئایینی کراوە؛
- تیشک بخرێتە سەر ئازادی ئایینی لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق بەرهەم ساڵح و سەرۆک وەزیرانی داهاتوو بە مەبەستی هاندانیان تاوەکو کاری لەپێشینەیان بریتی بێت لە بووژاندنەوە و پاراستن و نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی وڵاتەکەیان کە زیاتر مەترسیان لەسەرە؛ هەروەها
- هاوکاری پێشکەش بکرێت بۆ بەهێزکردنی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی عێراق—لەڕێی نوێنەرایەتیە مەدەنی و سیاسیەکانیانەوە هەروەها لەڕێی سەرکردە ئایینیەکانیانەوە— بۆ دەستپێکردن و پاڵپشتیکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، بۆ نمونە بەستنی گفتوگۆیەکی فراوان بۆ بەڕێوەبردن(ی خۆیان) و دامەزراندنی چوارچێوەیەکی ئاسایشی نوێنەرایەتی کراو بۆ ناوچەی دەشتەکانی نەینەوا.

## چالاکی و سەرچاوە گرنگەکانی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF)

- **سەردانی شاندی کۆمسیۆن:** بەغداد لە مانگەکانی تەمووز بۆ ئاب 2019 بۆ بەشداریکردن لە یادی جینۆسایدکردنی یەزیدیەکان بە دەستی داعش لە ساڵی 2014
- **گوێلێگرتن:** شەری مانەوەی کەمینە ئایینیەکان بۆ مانەوە لە عێراق
- **نوێکردنەوەی سیاسەت:** پاراستنی کەمینە ئایینیەکان لە باکوری عێراق

### باکگراوند

عێراق وڵاتێکی فرە ئایین و نەتەوەیە، هەرچەند ئەم فرەییە کەم بوەتەوە بەهۆی ناجێگیری سیاسی، توندوتیژیی تیرەیی و ئایینی و یاخیبوونی ئیسلامی کە بەم دواییانە لەم وڵاتە سەریان هەڵداوە. زۆرینەی عێراقیەکان موسوڵمانن، نزیکەی 64-69 لە سەدی موسوڵمانی شیعەن و 29-34 لە سەدی موسوڵمانی سونەن. لەم وڵاتەدا نزیکەی زیاتر لە 200,000 مەسیحی دەژین کە سەر بە چەندین ڕێبازی جۆراوجۆرن لەوانە کاثۆلیک، ئۆرثۆدۆکس، پرۆتێستانت—پێش ساڵی 2003 ژمارەیان نزیکەی 1.5 ملیۆن کەس بوو—هەروەها 700,000 یەزیدی لەم وڵاتە دەژین، کە زۆرینەیان تا ئێستا ئاوارەی ناوخۆیین.

ئایین و نەتەوە زۆربەی جار بە نزیکی پێکەوە بەستراونەتەوە لە ژینگەی عێراقدا. زۆرێک لە کۆمەڵگە بچووکەکانی ئەم وڵاتە—وەک سابیئە-مەندائیەکان، تورکمان، کاکەیی، شەبەک—لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕووبەڕووی هەڕەشەی مەترسیدار بونەتەوە، کە ناتوانرێت بە ئاسانی وەک تەنها هەڕەشەی ئایینی یاخود نەتەوەیی پێناسە بکرێت. زۆربەی ئەم کۆمەڵگە بچووکانە تووشی نارەحەتی زۆر هاتن لەژێر دەسەڵاتی داعش یان کاتێک لێی هەڵاتن—لەوانەش یەزیدیەکان و تورکمانەکان، کە داعش هەزارەها ژن و منداڵی لێیان فڕاند و کردنی بە کۆیلەی سێکسی و کاریان پێدەکردن لە ماڵەوە—هەروەها تا ئێستاش لە کێشمەکێشدان بۆ دۆزینەوەی پێگەیەک بۆ خۆیان لە عێراقی دوای داعش-دا. هەندێک لە ئاوارەکانی ناوخۆ (IDPs) تا ئەندازەیەک شوێنی خۆیان کردۆتەوە شانبەشانی ئەو کۆمەڵگانەی کە لە بنەچەوە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) دەژین، ئەوانەی دیکەیان هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە بۆ شارۆچکە و دێهاتەکانی خۆیان کە زۆر بە هێواشی بەڵام بە بەردەوامی بنیاد دەنرێنەوە و وەکو جارانیان لێدەکرێنەوە.

### بووژاندنەوەی کەمینە ئایینیەکانی باکوری عێراقی دوای داعش

سەرچاوەکان لە عێراق بە کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (USCIRF)-یان ڕاگەیاند کە تەنها نزیکەی 30-50 لەسەدی کلدانی، ئاشوری، و مەسیحیەکانی دیکە گەڕاونەتەوە ناو کۆمەڵگەکانی خۆیان پاش ڕووخانی داعش لە کۆتایی 2017، کە زۆربەیان لە شوێنی پارێزراودا بوون لە هەولێر وناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە هەمان کاتدا، زۆربەی ئەو یەزیدیانەی کە بە زیندوویی مابونەوە پاش کارە دڕندانەکانی داعش هێشتا لە بارودۆخێکی ناخۆشدان لە کەمپەکانی ئاوارە لە دهۆك، لەسەر چیای شەنگال و شوێنانی دیکە، دوور لە زێدی خۆیان. نیشتمانی مێژوویی خۆیان کە شەنگال-ە بەکەڵکی ژیانکردن نەدەهات بۆ ئەوانەی دەگەڕانەوە بۆی، لەبەر ئەوەی خاڵی پشکنینەکانی حەشدی شەعبی وایکردبوو کە ڕێگای نێوان ئەوێ و دهۆک دابخرێت لە هەندێک کاتدا، خراپی باری ئابوری ناوچەکە دەرفەتەکانی ژیانی لاواز کردبوو، ئەو ڕێگەیەی پێشتر لە موسڵەوە کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانی لێوە دەهات چیتر بەردەست نەبوو، هەروەها ترس هەبوو لە چەکدارەکانی داعش. ئەوەی بارودۆخەکەی خراپتر کردبوو بریتی بوو لە هێرشە بەردەوامە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆ سەر بارگە و بنەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) و هاوپەیمانەکانی لەناو و نزیکی شەنگال لە ساڵی 2017-وە، تازەترین لەو ڕووداوانە لە تشرینی یەکەمی 2019 و کانونی دووەمی 2020 ڕویاندا. هەڕەشەی هێرشی ئاسمانی زیاتری لەو جۆرە بوەتە هۆی ناجێگیری باری ئاسایش و سەقامگیری لەو ناوچەیەدا.

کۆمەڵگەی یەزیدی هەروەها مەینەتی زۆری چەشت بە درێژایی ساڵی 2019 بەهۆی نەبوونی دادپەروەری بۆ ئەو هەموو چەرمەسەریانەی لە 5 ساڵی پێشتردا بەسەریاندا هاتبوو. لە ساڵی 2017-وە، دادگاکانی عێراق هەزارەها چەکداری گومانلێکراوی سەر بە داعشی بە تۆمەتی تیرۆر دادگایی کردوە، زۆرینەی جارەکانیش داواڵێکراوەکان گروپی گەورەی موسوڵمانی سوننی بوون کە بە زۆر دانپێنانیان پێکرابوو لەبری پشتبەستن بە بەڵگە لەدژیان. لە ڕاستیدا، تروسکاییەکی کەم لە باورودۆخی دادوەری کاتیی لە عێراقدا دەرکەوت بەهۆی هەوڵەکانی دادگاکان لە پارێزگای موسڵ بۆ پشتبەستن بە پێوەری ئاست بەرزتر لە بەڵگە

لەبری دانپێدانانی بەزۆر، هەرچەند ئەم جۆرە لە دانپێدانانە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بە بەربڵاوی مایەوە لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکە. بەڵام، دەسەڵاتی دادوەری داواکاریەکانی سەرکردە یەزیدیەکانی پشتگوێ خست کە دەیانویست چەکدارەکان و فەرماندەکانی داعش دادگایی بکرێن بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ. ئەمجۆرە لە نەبوونی دادپەروەری هەروەها وایکرد کە هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بکەونە گەڕ بۆ تۆمارکردنی کارە دڕندانەکانی داعش، لە نێویاندا تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بەرپرسیارکردنی داعش/ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە تاوانەکانیان دەستی بە کارەکانی کرد لە مانگی ئادار بۆ ئاشکراکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە ناو و نزیکی شەنگال کە پاشماوەی ئەو یەزیدیانەی تێدایە کە بەهۆی توندوتیژیەکانی داعشەوە بوون بە قوربانی.

## کێشەکانی دیکەی ئازادی ئایینی لە سەرتاسەری عێراق

لە ساڵی 2019، بارودۆخی ئازادی ئایینی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک خۆی مایەوە بە بەراورد بە ساڵانی پێشتر، کە زۆرینە موسوڵمان و کەمینە ئایینیەکانی دیکە تا ڕادەیەکی زۆر ئازادن بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق، سەرەڕای هەبوونی چەند کێشەیەک وەک ساغ نەبوونەوەی موڵکداریەتی موڵکی هەندێک لە مەسیحیەکان. پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەردەوام بوو لە گەشەسەندن پاش ئەو گرژیانەی بەهۆی ڕیفراندۆمە شکستخواردوەکەی ساڵی 2017 سەریان هەڵدا، ئەمەش وایکرد دەستبکەنەوە بە هەڵمەتە پێکەوەییەکانی دژی داعش و هەندێک بابەتی تر کە هەماهەنگی لەسەر هەبوو— ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی ئەگەری ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو ناوچە کێشەلەسەرانەی کە بە درێژایی مێژوو هەڕەشەی ڕاستەقینە بوون بۆسەر ئازادی ئایینی لە عێراق.

لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عیراقی فیدراڵ-دا، چەند نیشانەیەکی کەمی گۆڕانکاری بەدیدەکرا بە بەراورد بە ساڵانی پێشتر لە بواری ئاشتبوونەوەی موسوڵمانە شیعەو سوننەکان یان گروپە ئایینیەکانی دیکە، هەندێک چاکسازی تریش بەدیدەکرا بۆ هاندانی پێکەوەیی ئایینی، وەک پێداچوونەوەی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە حکومیەکان. یاساکانی کوفرکردن و هەڵگەڕانەوە لە ئایین وەک خۆیان مانەوە، هیچ هەوڵێک نەدرا بە ئاراستەی دانپێدانانی فەرمی و ئازادی پەرستش بۆ گروپە ئایینیەکانی دیکەی وەک بەهائیەکان، شایەتحاڵەکانی جێهۆڤا و ئەوانی دیکە.

## سیاسەتی گرنگی ئەمریکا

لە 2019، سیاسەتی ئەمریکا بە تایبەت سەبارەت بە بارودۆخی ئازادی ئایینی لە عیراقدا خۆی بینیەوە لە هاوکاریکردنی مرۆیی و گەمارۆی ئامانج دیاریکراو. لە مانگی تشرینی یەکەمدا، بریکاری ئەمریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) نزیکەی 400 ملیۆن دۆلاری وەک هاوکاری تەرخانکرد تاوەکو قوربانیانی دەستی داعش بگەڕێنەوە بارودۆخی جارانیان هەروەها دەستیان بە بنیادنانەوە کرد لەڕێگەی لایەنە ناحکومییە عێراقی و نێودەوڵەتیەکانی دیکەوە. حکومەتی ئەمریکا هەروەها ڕێکارە توندەکانی زیاتر دەگرتەبەر بۆ لەناوبردنی سەرکردەکانی حەشدی شەعبی، سیاسییە گەندەڵەکان، ئەو کەسانەی دیکەش کە بە تایبەتی ڕۆڵی خراپیان دەگێڕا لە پێشێلکردنی ئازادی ئایینی و/یان مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی. جگە لەو 2 سەرکردەیەی حەشدی شەعبی کە پێشتر ئاماژەیان پێدراوە، لە مانگی تەمموزدا وەزارەتی خەزێنە نەوفەل حەمدی ئەلسولتان و ئەحمەد الجبووری وەک "هاوڵاتیانی بە تایبەت دیاریکراو" ناساند. ئەم دوانە دوو سیاسەتمەدارن کە کەمتەرخەمی و گەندەڵیەکانیان کاریگەری نەرێنیان هەبوو لەسەر کەمینە ئایینیەکان و پێکهاتەکانی دیکەی موسڵ و سەلاحەدین بەدوای یەکدا. لە کانوونی یەکەمدا، وەزارەتی خەزێنە ئابلۆقەی ماگنیتسکی گەردوونی سەپاند بەسەر سیاسیەکی دیکەی گەندەڵ و سێ کەسی دیکە، کە وەک سەکردەی هێزی چەکداری بەکرێگیراوی ئێران، بە ڕاستەوخۆیی هانی توندوتیژییان دەدا دژی ئەو خۆپیشاندەرە مەدەنیانەی کە بەشداری خۆپیشاندانەکانی دژی ئێران و دژی حکومەتیان کرد لە سەرەتای تشرینی یەکەم. لە 3 کانوونی دووەم 2020، ڕاستەوخۆ پاش کۆتاییهاتنی مەودای کاری ئەم ڕاپۆرتە، هێرشێکی ئاسمانی لە بەغداد بووە هۆی کوشتنی دوو کەسایەتی کە گرنگیەکی زۆریان هەبوو بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبی. ئەم دوو کەسەیاتیەش قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران، و ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و دامەزرێنەری میلیشیای کەتیبەکانی حیزبوڵای عێراق، بوون.